# پۆرترێتی ڤان گۆگ بەگوێ بڕاییی



د. محەمەد عارف

٤٩

ئیستاتیکاو هونەر

هونەرمەندی فەرەنسی بەناوبانگ (ڤان گۆگ)، بەرەگەز هۆڵەندی، زۆربەی ژیانی خۆی لە فەرەنسا ژیاوەو یەکێکە لە کۆڵەگە مەزنەکانی قوتابخانەی تجیری واتە (ئیکپرسیانیزم) هونەرمەند لە ژیانی خۆیدا لە خۆشەویستی و ئافرەت بێبەش بوو، رۆژێک ئافرەتێکی خراپ بە گەمە، پێی گوت: (ڤان گۆگ تۆ لە هەموو لەشت تەنیا گوێت جوانەو زۆر رام لە گوێچکەتە). هونەرمەندی دڵپاک ئەم قسەیەی بەهەستی ئەڤین لە قەڵەمداو و گەڕایەوە ماڵەوەو بە گوێزان گوێچکەی خۆی بڕیوەو بەدیاری بۆ ئافرەتەکەی بردووە، ئافرەتەکەش کە ئەو دیمەنەی بینی، لە قیژەی داو گوتی: بەڕاستی تۆ شێتی، بۆ یادگار، هونەرمەند پۆرترێتێکی پڕ لە دەربڕینی تراژیدی وەک (SELF-PORTRAIT) رەسم کردووە، کە ئێستا لە ( ماڵ – مۆزەخانەی ڤان گۆگ) لە لەندەن پارێزگاری کراوە.



**ڤان گۆگ. پۆرترێتی خۆی بە گوێ بڕاییی**



أسماء الألوان / ٤٩ ١ هونەري / الصفحة: ٤٥ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM

بەشی (کولتوورو کەلەپووری کوردی لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن)

# پردێک بۆ ناساندنی هونەری کوردی بە گەلانی دنیا

لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (واشنتۆن)ی پایتەختی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە پاڵ ئەرکە سیاسی و دپلۆماسییەکاندا چەندین چالاکی دیکەی رۆشنبیریی و هونەری و کولتووری ئەنجامدەدرێت، ئامانجیش لەو چالاکییانە وەک (نەجات عەبدوڵلا) بەرپرسی بەشی کولتوورو کەلەپووری کوردی لەو نوێنەرایەتییە پێیراگەیاندین، گۆڕینەوەی ناسنامەی هەردوو گەلی کوردە بە یەکتر لە چەندین بواری جیاجیادا.

نەجات عەبدوڵلا (١٩٧٦) هونەرمەندێکەو لە هەردوو بواری سینەماو موزیکدا کار دەکات، ئێستا لە (نۆڤا کۆلێج) دەخوێنێ بۆ شارەزابوون لە مێژووی موزیکی جیهانی، وەک خۆی دەڵێ: پێشتر لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٣ لەگەڵ تیپی سیمفۆنیای ئێرانی کاری کردووەو فێری زمانی فارسییش بووە، لەگەڵ چەندین گۆرانیبێژی ناسراوی کورد موزیکی ژەنیوە، بەمزووانەش بەرهەمێکی موزیکی خۆی کە لە حەوت تراک پێکهاتووەو هەژار زەهاوی بە عود هاوکاری کردووە بڵاودەکاتەوە.

نەجات- وێڕای پیادەکردنی بەهرەی هونەریی خۆی لەهەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی ئەو بەشەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن رادەپەڕێنێ، ئەو پێناسێکی بەشەکەی خۆیان بۆ دەکات و دەڵێ: ئەو بەشەی ئێمە بەشێکی کولتوورییەو کاری ئێمە ناساندنی هونەرو ناسنامەی کوردە بە خەڵکی ئەمریکاو جیهاندا، لە چەندین رێگەی وەک، کردنەوەی وۆرک شۆپ، سازکردنی فیستیڤاڵی هونەری، گۆڕینەوەی شارەزایی سینەمایی، جگە لە کردنەوەی پیشانگای شێوەکاری و نمایشی موزیکی و سازکردنی پیشانگای جلوبەرگ و خواردنی کوردەواری.

ئا: حەیدەر عەبدولڕەحمان





*** بیانییەکان تێڕوانینیان بەرامبەر بە کەلتوورو کەلەپووری ئێمە چۆنە؟**

- بڕوا بکە زۆر سەرسامن بە کولتووری ئێمەو زۆر بە بەرزی دەینرخێنن، چونکە کەلەپوورو کولتووری ئێمە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هونەری گەلانی دیکەی جیهانی، جێگەی خۆشحاڵیشە کە ماوەیەکە جۆرێک لە یەکبوون لە نێوان حزب و لایەنە کوردییەکاندا هەیەو هەموو بەیەکەوە بەشداری لە بۆنە نەتەوەییەکانماندا دەکەین، بەتایبەت لە جەژنی نەورۆزو یادی هەڵەبجەو ئەنفال.

بڕیاریش دراوە بەشێوەیەکی بەردەوام بەشداری لە موزەخانەیەکی جیهانیدا بکەین و ئێمەش وەک زۆر لە گەلانی جیهان کولتوورو کەلەپووری خۆمان لەو موزەخانەیەدا نمایش بکەین، پیموایە ئەمەش هەنگاوێکی هونەریی گەورەیە.

*** چ پڕۆژەیەکتان بۆ ئاینده لەبەردەستدایە؟**

- یەکێ لەو پڕۆژە هەرە گرنگانەی کە ئێمە



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٤٦ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM



ئێستاکە کاری بۆ دەکەین ئەنجامدانی فیستیڤاڵێکی گەورەی هونەرییە بۆ موزیکی کوردی لە ئەمەریکا، مەبەستیش لەو فیستیڤاڵە ناساندنی موزیکی کوردییە بە خەڵکی ئەمەریکا. نەخشەشمان بۆ ئەوە داناوە کە بەرهەمی شێوەکاری هەندێ لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی خۆمان بخەینە نێو پیشانگا هاوبەشە جیهانییەکان، ئەمەش هەمدیسان هەوڵێکی دیکەیە بۆ بەرچاوخستنی هونەری شێوەکاری کوردی بە گەلانی جیهان.

*** ئەدی لە بواری سینەمادا؟**

– چەند مانگێکە لە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندی داین لەگەڵ سینەماکارە ئەمریکییەکان، ئەگەر چی بەداخەوە تا ئێستا ئێمە رووی ئەوەمان نەبووە بڵێین ئێمەش سینەمامان هەیە، بەڵام پرسی بوونی سینەمای کوردیش کارێکی مەحاڵ نییە، ئەگەر هەوڵی جدیی بۆ بدرێت، ئێستا ئێمە پەیوەندییەکی چاکمان هەیە لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی (هولیوّد)و کۆمپانیا سەربەخۆکان بۆ دروستکردنی فیلمی کوردی، لەهەمانکاتدا بیریشمان لەوە کردۆتەوە کە چەند بەرهەمێکی سینەمایی بەپێز لەسەر ئاستی جیهانیدا لە کوردستاندا نمایش بکەین، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێ کۆمپانیای جیهانی خەریکین بۆ دروستکردنی چەند هۆڵێکی سینەمایی لە شارەکانی کوردستاندا، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا فیستیڤاڵی سینەمایی تێدا ئەنجامبدرێت.

*** سینەما لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

– بەداخەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی بۆ سینەما دامەزراوە لە کوردستاندا، بە ئاقارێکی باشدا تێناپەڕێت، زۆر بە پەرشوبڵاوی دەبینم، کە من پێمـوایە ئەو هۆکارانەش لەو چەند خاڵەدا گرد دەبنەوە:

١– نەبوونی کەرەستەی پێویستی سینەمایی و کەسانی شارەزا لە بەکارهێنانیاندا.

٢– کەمی یان نەبوونی کۆمپانیای سەربەخۆی فیلمسازی.

٣– قەیرانی کەسانی پسپۆڕ لە بواری سینەماو ونبوونی سەنتەرێکی سینەمایی سەربەخۆ لە کوردستاندا.

# زوبێر ساڵح کراسی ئەشقی پۆشی




ئا: هەرێم عەلی

زوبێر ساڵح، کە بە گۆرانی «سەباحولخەیری یا خانم» ناسراوە، ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکانی هونەری کوردی لە ئاسمانی کوردستانی بن خەت- رۆژئاوای کوردستان-ەوە تیشکی لە هەموو کوردستان بڵاوبۆتەوە. زوبێر ساڵح لەکانی هونەری ئاوی خواردۆتەوە و لەسەر شەپۆڵی گوڵی دەرباسیە ناوی خۆی نووسیوە.زوبێر ساڵح ماوەی سی ساڵ دەبێت لەنێو دەریای هونەری کوردی کاردەکات و لە کانی ولاتپارێزی ئیلهام وەردەگرێت ئێستاش بەرهەمێکی تازەی ئامادەکردووە بۆ بڵاوکردنەوە. بەرهەمی ئێستای هونەرمەند زوبێر ساڵح بەناوی (کراسی ئەشقە)، چەندین هەڵبەستی بە پێزی کوردی، وەکو کاوە شێخ، کەریم ئەحمەد، مزگین بەنگۆ و هەڤراز هەسکۆ، لە خۆدەگرێت، هونەرمەند خۆی ئاوازی بۆ گۆرانییەکان داناوە، هەروەها هەڵبەستێکی خۆی بەناوی تۆ بەڵێنتداوە- کردووە بەگۆرانی. دەنگە نەرمەکەی زوبێر ساڵح و ئەم هۆنراوە و ئاوازە هێژایانە بەبێ دەستوور و رێگاپێدان دەربازی نێو دڵ دەبێت، هەروەها ئەو کاتەی زوبێر ساڵح تەمبوورەکەی دەژەنێ مرۆڤ ناتوانێت لە گوێگرتن لە سیدییەکەی دوور بکەوێتەوە.



## رۆژگارێک

یەکەمین ئاهەنگی جەماوەری لە هەولێر دوای راپەڕین/ شیرین پەروەر لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر..

**هەولێر ١/١٠/١٩٩١**

**بۆ یەکەمین جار بڵاودەکرێتەوە**

**ئەرشیفی**
**جیهانبەخش کۆیی**



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٤٧ / ٤/١/.٩ / 10:47 PM

## ژەنیاری بەناوبانگی عێراقی نەسیر شەممە:

# باوکم کوردە و خەڵکی شاری کوتە





هەڤپەیڤین:
سالح دەمیرجە ئاڤێستا

*** دەتوانیت باسی سەرەتای ژیانی خۆتمان بۆ بکەیت، چی وایکرد ئامێری عود هەڵبژێری؟ ئایا ڕێککەوت بوو، یاخود بۆیان هەڵبژاردیت؟ ئایا ئازارێک وایکرد، یاخود تۆ خۆت ئەم ئامێرەت هەڵبژارد؟**

– ئەمانە هەمووی لەگەڵ یەکتری بوون من ئازارم بینی، هەروەها من خۆشەویستی و ئەڤینداریم بینی هەروەها بەگشتی من لە ژیانمدا بۆ دەرخستنی تواناو بەهرەکانم زۆر کاریدیکەم تاقیکردۆتەوە من سەرەتا لە ئامێری ساز دەستمپێکرد، بەڵام ئامێری ساز لەلام نەمایەوە سەرنجی رانەکێشام، بەڵام عود جیاوازبوو بۆ یەکەمجار عودم لەدەستی مامۆستایەک بینی، لەناخی دڵەوە، خۆشەویستیم بۆ پەیدابوو، ئەوکات هەستمکرد ژیانی راستەقینەم لەگەڵ عود دەستپێدەکات ئەوکات، خوێندکاری پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم واتە ١١ ساڵان بووم.

*** نەسیر شەممە هەندێک تایبەتمەندی کراوەی هەیە، ئەم تایبەتمەندییانە یاخود ئەم کولتوورەی ئێستای چۆن بەدەستخستووە؟**

– شاری ئەلکوت شارێکی زۆر دەوڵەمەندە لەڕووی کەلتوورییەوە، بەتایبەتی و عێراق بەگشتی باوکم کوردە خەڵکی شاری کوتە دواتر لە خانەقین دایکمی ناسیوە، دایکم ژنێکی عەرەببووە لە تیرەی خەزرەج.

لەبەر ئەمەش من لەم بڕوایەدام تێکەڵاوبوونی ئەم چاندانە کاریگەرییان لەسەر تایبەتمەندییەکانی من هەبووە هاوکات زۆرجار لە بارەی ناسنامە پرسیارم ئاراستە دەکرێت ئایا کوردم یاخود عەرەب من لە نێوان هەردووکیان هاوسەنگیم راگرتووە، لەبەر ئەوەی زۆرجار بەهای مرۆڤایەتی لەسەرووی نەتەوەو سیاسەت دێن. بەرای من نرخی مرۆڤ گرێدراوی داهێنان و کاریگەرییە لەسەر دەوروبەری لەسەردەمی ئەمڕۆماندا مرۆڤ نابێت تەنها وابەستەی ئایینێک یاخود نەتەوەیەک بێت بەڵکو پێویستە کارو چالاکییەکانی سوودیان بۆ هەموو لایەک هەبێت، من لە دژی هەر زوڵم و زۆرداریی‌یەکم لەبەرامبەر هەر نەتەوەیەک پیادەکرێت. هەر بۆ زانیاریتان لە ساڵانی هەشتاکاندا پارچەیەک موزیکم بۆ هێرۆشیما و نەکازاکی سازکرد.

*** ئایا ئەو بارودۆخە قورسەی ژیان لە عێراق وای لەتۆکرد هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن چەسپاوتر بێت؟**

– بێگومان ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەر من کردووە، من ئازاری زیندان و خزمەتی سەربازی و ئازاری تاراوگەم چەشتووە.

خزمەتی سەربازیم لە تاڵترین سەردەمەکان بوو ١٩٨٩-١٩٩١ هەروەها بۆ ماوەی ١٧٠ رۆژ زیندانی کراوم، لەو کاتەدا بڕیاری لەسێدارەدانم بۆ دەرچوو. نامەیەکم لەسەرۆک کۆمار بۆ هاتبووم نووسرابوو خودا لێیخۆشبێت- منیش لەسەر کاغەزەکە مۆرمکرد پێش جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئێمەیان بۆ شوێنی لە دایکبوونمان نارد، لەوێدا بڕیارەکەیان گۆڕی جارێکی دیکە ئێمەیان ناردەوە خزمەتی سەربازی. عودەم ئەوکات زۆر غەمباربوو، ئەو عودە ئێستا ئەم عەمبارییەی گەلی عێراق باسدەکات یەکەمین ئاوازی من بەناوی (میری دڵشاد) بوو ئەویش چیرۆکی خۆشەویستی خۆم بوو.

ئەڤینی کچێک لەبەغدا کەوتە دڵم ژیانی پڕکردم لە شادی و خۆشەویستی، بەڵام لە ئەنجامدا پەیوەندیمان بەردەوام نەبوو خۆشەویستییەکەمان سەرنەکەوت هەرچەندە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەم چیرۆکەی خۆشەویستییە تێپەڕیوە بەڵام دیسان لەدڵمدا شوێنێکی تایبەتی هەیە.

*** هەندێک لە هونەرمەندان ئاوازی کۆنی کوردی دەدزن، بەناوی خۆیان یاخود بەناوی ئاوازی نەتەوەیەکی دیکە بڵاویدەکەنەوە، نەسیر شەممە ئەم دیاردەیە چۆن دەبینێ؟**

– من ئەم دیاردەیە بەدزیکردن ناونابەم هەروەها ئەم دیاردەیە لە دژی فرە چاندی نییە ئەگەر بەرهەمی کوردی بەشێوەو رێگای جیاوازەوە بڵاوبکرێتەوە ئەمە دەوڵەمەندی و پێشکەوتوویی ئەم بەرهەمانە بەدیار دەخات، ئەمەش مانای ئەوەیە موزیکی کوردی کاریگەری لەسەر خەڵکانی دەوروبەر کردووە. من لێرەدا بەکورتی ئەوە دەڵێم نەتەوەی زیندوو ترسیان لەسەر نییە میللەتی کوردیش تەمەنی پێنج هەزار ساڵە، بەدرێژایی ئەم پێنج هەزار ساڵە کەس نەیتوانیوە ئەم کەلتوورە لە ناوببات. لەبەر ئەوەش پێویست ناکات ترسمان هەبێت لە دیاردەی لەمجۆرە.



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٤٨ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM

# تێڕامانی هونەری لای هونەرمەند

دیاری قەرەداغی



ئەو فەزایەی هونەرمەند تێیدا دەژی جیاواز نییە لە کۆی خەڵک ، بەڵام ئەو خەیاڵ و دیدەی کە هونەرمەند ئیشی پێدەکات ، پێویستە جیاوازتر بێت لەسەرجەم خەڵکی ئاسایی.

جیهانبینی بەچاوی خەڵکەوە کەمتر ڕۆچوونە بۆتێگەیشتنی حەقیقەتەکان کە خۆت مەبەستت بێت بەدوایدا بچی، بەهێندەی بینینێک تەنانەت ئەگەر لە درزێکی بیر و هۆشی خۆتەوە بێت و تەماشای پێبکەیت.

ئەو دەمەی هونەرمەند ویستەکانی خۆی وەلا داو شوێن جێبەجێکردنی داواکانی خەڵک کەوت، ئەوا بەشێک لە جوانییەکانی هونەر لە هونەرەکەی دادەتەکێنی، چونکە قورسە ڕەهەندی بیرکردنەوەو سایکۆلۆجییەتی خەڵک پڕاو پڕی ئەو هەستە چڕکراوەی خۆت و ئەو سایکۆلۆجییەتەی تۆ بێت .

گەرچی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی هونەریی فرە لایەنە، هەر وەک ئەو ژیانەی کە بەدەوری تۆی هونەرمەند و داهێنەر و کۆی خەڵکیشدا تەنراوە، هەروەها هەموو ئەو دیاردانەی لە دنیادا بوونی هەیەو لەتوانای شیتەڵکردن و ڕاڤەکردندایە، یان ئەو جوانی و ناشرینە دانسقەیانەی کە وروژێنەرن بۆ خەیاڵ.

ڕەنگە فڕینی پەپولەیەک سەرچاوەی ڕستەیەکی میوزیکی گەورە بێت..

لەوانەشە وەک چۆن مۆزارت قیژەی خەسووەکەی کردە ڕستەیەکی میوزیکی لە شاکارێکی سیمفۆنیدا، وەهاش دەنگی فیشەکێک لای هونەرمەندێک ڕایچڵەکێنێت و چەندین وێنەی میوزیکی پێ بخوڵقێنێت..

یەکەم سەرچاوەی ئیلهام لای( باخ) ئەو دەنگ و زمانە بوو کە چەندین سیمفۆنی پێنووسی.

مەزنی دەنگانیش لای ( بیتهۆڤن)لە ناخەوە سەرچاوەی گرتبوو نەک لە جیهانی دەرەوە.

دووریش نییە بێ ئەوەی پێی بزانین چەندینجار گریانی خۆمان و بینینی فرمێسکی بەرامبەر لامان بووبێتە ئاوازێک..

سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانیش چەندین ڕیتمی جۆراو جۆری پێ گۆڕیبێتین..

هەموو ئەمانە دروستەو جێگای باسی زیاتر و لاری نەبوونمانە، بەڵام باسەکە لەوەدایە ، گۆڕینی ئەم دیمەنانە لای هونەرمەند بەچەشنێکەو لای خەڵکی سادە جێگای کەمتر وەستان و هەڵوێستە.

ڕونتر بینین لەو ئەتمۆسفێرەدا و کەشفکردنی پەنهانەکان لە نێو شتە مەئلوفەکاندا و گۆڕینیان بۆ فەنتازییەک کە چاوەڕوان نەکراوە، ئەمەیە دەبێتە چرۆی داهێنانێکی هونەریی.

خۆ زۆرجار لەکورتکراوەی ڕستەیەک یان پەندێک ، سەرگوزشتەیەک، حیکایەت و بەسەرهاتێک ئامادەیە، کەچی بە دێڕێکی حەکیمانە دەمانگەیەنێتە ویستە ئینسانییەکانمان و قوڵییە فەلسەفییەکان..

ئەمەش سەلیقەیەکی گەورەی دەوێ، بۆ نمونە کاتێک فەیلەسووفێک ڕەهەندێک لە جیهانمان بۆ کورت دەکاتەوە لە وتەیەکیدا ، ئیتر ئەمە بۆ خۆی جۆرێک لە سەلیقەو زانایی ودانایی و داهێنان لە وشەو ڕیزکردن و پیشاندنی گەورەیی لە مەعریفەدا نیشان دەدات.

هەندێجار لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆر و بەردەوام بۆ مەسەلەیەک یان بۆ دیاردەیەک و تێڕامان لێی، زۆر شتمان پێ هەڵدەڕێژی تا دەگەینە ڕایەکی کورت و پوخت کە تەواو قەناعەتی ئەو ساتەمان بێت.

هاوڕێیەکەم هەمیشە بە وێنە گەورە کراوەکانی سەر شەقامەکان دەهەژاو توڕە دەبوو، تا دەگەیشتە ڕادەی جنێو، دیاردەکەش هەر بەردەوام بوو ، ئەمیش لەگەڵ بەردەوامی ئەم دیاردەیە هەمیشە لە جەنگێکی سەیردا بوو، زۆری نووسی و زۆری گوت، بەڵام ئەوەی لای من مایەوە لە وتە و نووسینەکانی تەنها ئەم دێڕە بوو" ئەو وێنانەی ئەمڕۆ گەورەکراو و سبەی دڕێندراو ".

کەواتە دەمەوێت بڵێم هونەرێکی داهێنەرانە و پڕ تەلیسم و سیحری هونەریی ،لەوەدایە کە کورتکراوەی خەیاڵێکی گەورە بێت و لە چوار چێوەیەکی پوخت و کورت و تازەدا فۆرمەلە بکرێتەوە، ئەگینا هەموومان ئەو زمانە سادەو باوە شارەزاین کە باسی جوانی و ناشرینی و تاڵی و ترشییەکانی ڕۆژگار دەکات.

بۆ ئەوەی هونەرمەند لە ڤێرژنێکی تازەدا ببینرێت پێویستە بە چاوێکی جوداتر و بە زمانێکی هونەرییانەتر لە شتەکان بڕوانێ و بدوێ جا ئەگەر پوختەی ئەو شتە ئاڵۆز بێت یان شتێکی سادەو ساکار و بەدیهیش بێ.



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٤٩ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM

# ئەمانەت ب ڤە رەنگی نابیت بهێتە شێلی کرن



ئەیوب رەشید نسری

Ayub_nisry@yahoo.com

ل هژمارا (٤٦٩) یا روژا ٢٠٠٨/٧/١٨ یا گوڤارا هەرێمی کوردستان یا هێژا و ل بەرپەرێ (٧٩) سترانەکا تحسین تەهای هاتیە نوتە کرن ژلایێ هونەمەند (هەرێم جمال) ڤە و ژئامادەکرنا (حەمە سەعید ئیبراهیم)، براستی ئەڤە کارەکێ هەژی دەست خوشیێ یە کو سترانێن سترانبێژێن نەمر کار تێدا بهێتە کرن، و گرنگی پێ بێتەدان، لێ ئەوا جهێ مخابنیێ ئەوە کو هەلبەستا ڤێ سترانێ کو یا هەلیەستڤان رێکێش ئامێدی یە گەلەک هاتیە شێلی کرن و تا دەمێ مروڤ دخینیت مروڤ نزانیت کا چ رامان ددەت، زور مخابن کو بەرهەمێ کەسەکێ وەکی تەحسین تەهای ب ڤی رەنگی بهێتە شێلی کرن، کو تا نهو ژی ب هزران شەیداییێن دەنگێ وی ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ هەنە و هەر جهێ کورد لێ هەبن، دەنگێ ویژی لێ هەیە، چ ژبەر دەنگێ وی یێ خوش و چ ژی ژبەر پەیڤێن ب تام، یان ژی ژبەر هەلویستێ وی یێ نەتەوەیی کو ل سەر دەمێ رژێما بەعسا گوربەگور شیا هەلویستێ خویێ کوردپەروەرانە ب پارێزیت.

من نەڤێت گەلەک ل سەر باخڤم بتنێ دێ دەقێ پەیڤان دیار کەم وەکی دپەرتوکا (تەحسین تەها هونەرمەند و کورد پەروەر) ئەوا ژلایێ رێکێش ئامیدی ڤە هاتیە ئامادەکرن و ئەڤ سترانە ل بەرپەرێ (٢٤٣) دا هاتیە و بڤی رنگی:

**پاررزینک**

**پەیڤ : رێکێش ئامێدی**

**ئاواز: کەڤنە، ئەسلێ وێ نازلێی یە**

**یا هاتیە تومار کرن ل ئیزگێ کورد ل بەغدا ٤/١٠/١٩٧٩**

من خەم دەریایەکا کویرە
ئاڤا وێ ژ روندکێت سویرە
رێیا یارا من یا دویرە
بەس من هەر ئەوا لبیرە
×××
یار چو ل غەریبیا مێڤانە
وی پاررزینکێ پر ژڤانە
نێزیکە لوێ ڤەگەریانە
ڤەگەریان شاهیا دلانە
×××
پاررزینکێ کول و کوڤانا (دەردو ژانا)
یارێ ئەو لپشتا خو دانا
شوینا وێ پر کر ژڤانا
دا بینیت بو بێ خودانا

ئەڤ هەلبەستە ب درێژی ددیوانا رێکێش ئامیدی دا هەیە ب ناڤێ (لێڤە نابم). دەقێ هەلبەستێ وەکی دهەرێمی کوردستان دا هاتی بڤی رەنگی یە:

**من خەم دەریایەکا گیرە**

من خەم دەرییەکە کرا
ئاڤا ووی دوندکی سرا
رێ یارا من دیرە
بەس من هەر ئەوە لبیرە
×××
یا چو غەریبیا مێڤانێ
وی پاررزینکێ پر جیڤانێ
نێزیکێ ل وێ ڤەگەریانا
ڤەگەریان شاییا دیلانا
×××
پاررزینکێ دەردو ژانە
یارێ وی ل پشتا خودانە
سینا وی پر کیر جیڤانە
دابینیت بو بێ خودانە

بو زانین (٢٦) خەلەتییێن پێشچاڤ بتنێ دڤان مالکان دا هەنە، سەد مخابن بەرهەمێن هونەرمەندێن نەمر ب ڤی رەنگی سەرەدەری دگەلدا بهێت کرن.



أسماء الألوان / ١٤٩ هونەري / الصفحة: ٥٠ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM

# سڵاوی وەزیری رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیەندرایە وەزیری رۆشنبیریی بەحرێن

لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی بەحرێن، بەڕێز فازڵ جاف راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری، سڵاوی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری گەیاندە خاتوو(مەی بنت محەمەد ئیبراهیم ئال خەلیفە)ی وەزیری رۆشنبیریی بەحرێن کە ئەمەش دەقی نامەکەیە کە پێشکەش بە بەڕێز وەزیری رۆشنبیریی بەحرێن کرا.

خۆشحاڵم کە بەناوی بەڕێز مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پیرۆزبایی لە بەڕێزتان بکەم بە دامەزراندنتان وەکو وەزیری رۆشنبیریی بەحرێن، بەختەوەربووین بەو بڕیارە جوانەی کە بەڕێزتان دیارکران وەکو وەزیری رۆشنبیری لە ئەنجامی پسپۆڕی و لێهاتوویی بەڕێزتان بۆ ماوەیەکی درێژ لە بواری رۆشنبیری و شوێنەوارو کرانەوە بە رووی رۆشنبیریی گەلانی دیکەوە. خۆشحاڵیشم بە دروستبوونی دەرگای هاوکاری و پەیوەندیی رۆشنبیری لەنێوان کە هاوکاری و پەیوەندیمان قووڵتر دەکاتەوە لە نێوان هەردوولا، هیواخوازین کە سەرکەوتووبن و، مەملەکەتی بەحرێنیش لە پێشکەوتن و گەشانەوەبێ.

**د. فازڵ جاف**
**راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری**
**بۆ کاروباری شانۆ و سینەما**



فازڵ جاف

# مرۆڤ لە وڵاتی ئێمە.. دەزانێ کەی دەمرێت!



شێرزاد سەرسپی

رەنگە ئەمە ناوونیشانێکی سەیربێ، کە مرۆڤ چۆن دەزانێت کەی چاوی بۆ هەتا هەتایە تێک دەنێت و کۆتایی بەخەونەکانی دێت و خواحافیزی لە ژیان و حەسرەتە جوانەکانی دەکا و هەموو ئەو خۆزگانەی لەگەڵ خۆی دەباتە ژێرگڵ و بە بێنازی ماڵئاوایی لە دنیایەک لە خەون دەکات کەزۆربەیان نایەنە دی! بەڵام راستی ئەوەم کاتێک بۆ دەرکەوت، کە هاوڕێی شاعیر و هەستناسکم عەبدولخالق سەرسام، کاتێک دوچاری نەخۆشییە سەختەکەی هات، تەلەفۆنی بۆکردم کاتێک لە ئوردون گەڕایەوە و بەدەنگێکی نووساو گوتی: هەرچیم هەبوو لەسەر نەخۆشییەکەم دانا.. سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەت دەکەم کە جارێک رەوانەی ئوردنی کردم... بەڵام دەبێ جارێکی تر. بچمەوە.. بەڵام کاتێک بۆم روون کردەوە. کە ئەو پارەیەی دەبێ سەرف کاتەوە قورسە و زەحمەتە.. چونکە ئەوەندەی پێویست بووکرا.. بە نائومێدییەکی گەورە گوتی: (کەوابێ دەمرم!!)... بەڵێ، زانی کە دەمرێ.. زانی کە چەند رۆژێک لە تەمەنی پاییزی ماوە و دەبێ رووبەڕووی مەرگێکی ناوەخت بێتەوە و ماڵئاوایی لەدنیای پاکی شیعر و سەلاحەدین و زەردەشت بکات کە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد.. هەرواش بوو، چونکە دوای دوو رۆژ لە پڕ زرەی تەلەفۆنێکی ماڵ ئاگاداری کردمەوە کە سەرسامی شاعیر و هەستناسک دنیای بەجێهێشت.. لەگەڵیدا تێر تێر گریام... گریانێک بۆ ئەو زاتە شیرینەو، گریانێک بۆ ئەو وڵاتە کە شاعیر و ئەدیبانی وەها بەبێ نازی دەمرن و ماڵئاوایی دەکەن لە جوانی و مەحبەت.. هەگبەی ئەمساڵ پڕبوو لە خۆشی و ناخۆشی، بەڵام هەواڵی مردنی سەرسام لە هەموویان تاڵتر بوو.. نابێ مەرگی شاعیرێک هەروا سانابێ.. کە بزانێت کەی دەمرێ!.



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٥١ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM

ستراتیژو هونەر



# گرفتە بچووکەکان

د. فازڵ جاف

خەڵک خۆیان وا راهێناوە لەگەڵ گرفتی بچووکدا بژین وکۆمەڵێک گرفت وکێشەی بچووک بووە بە بەشێک لەژیانیان. بۆچی؟ چونکە ئەم گرفتانە ئەوەندە ئاسان وبچووکن، کە پشتگوێ خراون و رۆژانە دووبارە دەبنەوە بە رادەیەکی ئەوتۆ کە پێمان وایە هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤیان بەسەرمانەوە نەماوە. خۆ ئەگەر بە وردی لە هەر یەکێک لەم گرفتانە بکۆڵینەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەمە وا نییە. چونکە کۆمەڵێک گرفتی بچووک کە کۆدەبنەوە لە ئاکامدا گرفتێکی گەورە پێکدێنن. بگرە هەندێک لەو کێشە بچووکانەی کە چارەسەریان ناکەیت، کرۆک وماکی کێشە گەورەکانی ژیانتن و دەبنە کۆسپ ولەمپەر لە پێش خواست وئامانجەکانی ژیانتدا. کە کێشەیەکی بچووک چارەسەر دەکەیت ئەمجا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە چەند کاریگەری بەسەر کێشە سەختەکانی ژیانتەوە هەیە، پاشتر چارەسەری ئەوانیش ئاسان دەکەوێتەوە.

گەر بتەوێت جێگای خۆت لەم جیهانەدا خۆش بکەیت، دەبێت بەر لەهەموو شتێک بیر لە چارەسەری گرفتە بچووکەکانی دەوروبەرت بکەیتەوە، لە بچووکترین گرفتەوە دەستپێبکە وڕاستی بکەوە.

چارەسەرکردنی کێشە بچووکەکانی ژیان تەکنیکی چەند ئاسانە ئەوەندەش گرنگە، نەک تەنیا لە بەر ئەوەی گیروگرفتەکانی ژیانت بۆ چارەسەر دەکات وئاسوودەت دەکات، بگرە هاوکات وسەرەڕای ئەوەش میتودێکی کاریگەرە کە بە " ئێستا وئێرە" ەت گرێ دەدات، لە نیگەرانی رابووردو مەترسی ئایندەت دەپارێزێ ودەتهێنێتەوە کۆشی ئێستا، چونکە کێشەکان هەر لە کۆشی ئێستادا چارەسەر دەکەیت. بەم تەکنیکە سەد لە سەد سوود لە ئەگەر ومەرجەکانی ئەمڕۆی ژیانت دەبینێ.

هەربۆیە کە ئەم میتودە پیادەکەیت کاری ئەمڕۆ دوا ناخەیت وهەر لە رۆژی خۆیدا ئەنجامی دەدەیت. زۆرینەی خەڵک بۆ ئەوەی خۆیان لە ئەرک وکاری ئەمڕۆ بدزنەوە وشەی " ئەگەر" بەکار دێنن. گوتەیەکی نەستەقی ئینگلیزی هەیە کە دەڵێت" وشەی ئەگەر ئەگەر پاپۆڕێک بوایە، هەموو کەسێک سواری دەبوو" ئەگەر یەکێکە لەو کەرەستانەی کە لە مەرج وبوارەکانی ئێستامان بێ بەش دەکات، سا یان ئەوەتا دەمانبەستێتەوە بە رابوودووێکەوە کە بەسەر چووە و هەرگیز ناگەڕێتەوە، یان دەمانبستێتەوە بە ئایندەیەکەوە کە هێشتا نەهاتووەو لەوانەشە هەرگیز نەیگێینێ.

کرداری بچووک نە کاتی زۆر دەدوێت، نە پارەی دەوێت، نە ئیرادەیەکی بەهێز ومتمانە بەخۆبوونێکی پتەوی دەوێت، نە مەترسی سەرنەکەتن ونوشستی ئازارت دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مێشک خێراتر قبووڵی دەکات وخۆی پێ رادەهێنێت، چونکە بە ریتمێکی لەسەرەخۆ هێدی هێدی دادەچۆڕێتە ناو سیستەمی مێشکەوە.

زۆر جار گەنجان پێیانوایە کاتێکی زۆریان بەدەستەوەیە بۆ بەدیهێنانی نیازو مەبەستەکانیان، بۆ نە؟ هێشتا لە لووتکەی تەمەندان وکات زۆری بە بەرەوە ماوە، بۆیە گەلێک جار کاری ئەمڕۆ دوادەخەن، خەون وخواستەکانیان دوا دەخەن، زۆرینەیان پێیانوایە ئەوەی کە دەیانەوێت زۆری دەوێت، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو گۆڕانەی دەیکەن نەک هەر گرنگە بگرە پێویستیشە. هەندێک جار ئەوەندە پێویستە کە هەموو کارو پیشەو داهێنانت بەو گۆڕانکارییە بچووکانە دەگۆڕێن وگەشە دەکەن ودەبنە هۆی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەورە لە ژیاندا.



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٥٢ / ٤/١/٠٩" / 10:47 PM

# یادگارییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ



خەلیل یابە کەریم

لەشارەدێی گوێڕ لەدایکبوویمە، کە ٤٥کم لە رۆژئاوای شاری هەولێرە، گوێڕ کەوتۆتە سەر زێی گەورە کە بە (زێی بادینان) ناوزەدە، ئەم زێیە نیعمەتێکە بۆ ئەم شارۆچکەیە، کە جگە لە خواردنەوەی ئەم ئاوە بەهۆی پرۆژەی تۆڕی ئاو، خزمەتە کشتوکاڵییەکان و مەبەستی دی کە لە مێژە گوتراوە ئاو ئاوەدانی، جگە لەمە منداڵانی گوێڕ هەرزوو فێری مەلەکردن دەبن، من یەکێک بووم لەو منداڵانەی بەرلەوەی بچم بۆ قوتابخانە، لەوانەیە تەمەنم هەر پێنج ساڵ بووبێ لەگەڵ منداڵانی گەڕەک فێری مەلەبووم، سەرەتای هاوین پاش ئەوەی لافاو کۆتایی دەهات لە ئەنجامی توانەوەی بەفرو بارانی بەهار لە کۆتایی مانگی پێنج (ئایار) زێ زۆر کەمدەبێتەوەو تەنکاو لە زۆر شوێن پەیدادەبێ، شوێنێک هەبوو لە نزیک باخچەی ئەحمەد دەبۆ، هاوینان گۆمە ئاوێک جێ دەما زۆر قوڵ نەبوو، ئێمەی منداڵانی گەڕەک ئەوەی لە یادم بێ، جگە لە خۆم مەحمود ئەحمەد دەبۆ، عەزیز شوان، سمایل سەید هیدایەت ، ئەحمەد حاجی ئەسعەد، عومەر حاجی ئەسعەد، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و زۆرانیتریش لەم شوێنە مەلەمان دەکرد، ئیتر دواتر دەچووینە شوێنێکیتر کەپێی دەڵێن مقیاس، ئەم پێوەرە بۆ پێوانەی بەرزبوون و نزمبوونی زێ دانرابوو کەسێک هەبوو لەکاتی لافاو رۆژانە بەغدای بە تەلەفۆن ئاگادار دەکردەوە ئاخۆ رێژەو ئاستی زێ بەرزی و نزمییەکەی چەندە، چونکە لە پەنجاکان زۆرجاران ئاو بەجۆرێک بەرزدەبۆوە شاری بەغدا دەکەوتە مەترسی، ئیتر ئەم شوێنە هاوینانی ئاوەکەی کەمدەبوو تەنیا شوێنێک نەبێ ئاوەکەی گەلێک قوڵ بوو بن لەغەمیش بوو زۆر کەس لێی خنکابوون، بەتایبەتی ئەوانەی لە گوندان هاوینان دەهاتن بەمەبەستی خۆ شووشتن و فێنک کردنەوە مەلەیان نەدەزانی دەچوونە ناو ئەم شوێنە دەخنکان، ئا لەم شوێنە ئێمە مەلەمان دەکرد، چونکە بەچاکی فێری مەلەکردن بوو بووین، کە گەورەتریش بووم لەگەڵ هاوڕێکانم عەبدوڵڵا ئیسماعیل و زەکی مەحمود، شاکر مەحمود، عەزیز شوان و حاکم هادی، حەسەن حوسێن، سەعید ئاکرەیی و زۆرانیتریش دەچووین بە قۆشمە لە زێ دەپەڕینەوە، هەروەها برادەرێکم هەبوو رەحمەتی جەمال حاجی رەسول لە کۆتایی بەهار لەبەرئەوەی قوتابخانەکەمان لەسەر زێ بوو لە وانەی پێنجەم لە قوتابخانە دەردەچووین راماندەکرد بۆ مەلەکردن، لەناو ئاو یەکترمان نوقوم دەکرد، رۆژانە ئەم مەلەکردنە بوو چەند کاتژمێرێک بەردەوام دەبوو هەروەها لە رۆخی ئاو لم هەبوو، وەک دووربەگەک لە نێوان دوو ئاو غارغارێن و یەک بازمان دەکرد، ئا لەو کاتی زۆر خولیام کەوتە سەر وەرزش، مەلەکردن، پازدان، راکردن، هاوینان بۆ چەند کاتژمێرێک مەلەمان دەکرد، لەکاتی پشوو لەناو لمی گەرم درێژ دەبووین، لە وەرزی هاوین بەهۆی تیشکی رۆژ پێستمان و دەموچاومان گەلێک رەش دەبوو، ئا بەمجۆرە هاوینان لەگەڵ هاوڕێیانی گەڕەک و قوتابخانە زۆربەی کاتی خۆمان بە مەلەکردن دەبردە سەر، تا وایلێهات بووینە چاکترین مەلەوان، ئەو کاتە کێبڕکێ و مونافەسە لە نێوان من و خوالێخۆشبێ عەزیز شوان زۆر بەهێز بوو، لە خوێندن بزانین کاممان نمرەی چاکتر وەردەگرین، لەمەلەکردنیش زۆر جاران بە قۆشمە لەزێ دەپەڕینەوە، یان خۆمان نقوم دەکرد، هەردووکمان پشیمان زۆر درێژ بوو لە بن ئاو بەدەیان مەتر لەژێر ئاو دەڕۆیشتین، من پشیم (٩٥) چرکە بوو واتە زیاتر لە خولەکەک و نیوێک لاموایە ئەویش هەروابوو، جگە لەمە هێزی خۆمان بەبەرزکردنەوەی شتی قوڕس تاقیدەکردەوە وەک پارچە ئاسن، پارچە شاخ، بەردی گەورەو شتی دیکە، ژیانمان بەمجۆرە رۆیشت پۆلی شەشمان تەواوکرد، ئەوکات، لە گوێر ناوەندی و دواناوەندی نەبوو، ماڵی عەزیز شوان و حاکم هادی هاتبوونە هەولێر، منیش هاتمە هەولێر لە پۆلی یەکی ناوەندی لە قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر دەوامم کرد کە ئێستا دامودەزگای ئەنجومەنی وەزیرانە، لەپاڵ خوێندنم لە پۆلی یەکی ناوەندی خولیای وەرزشم هەر هەبوو، لەپاش دەوام لەگەڵ منداڵانی تەیراوە یان هەندێجار لەگەڵ زەکی مەحمودو شاکر مەحمود کە ئەوانیش بۆ خوێندن لە هەولێر بوون، یاریی تۆپی پێمان دەکرد، ئەوکات لە ماڵی پورم بووم خوشکی باوکم کە ماڵیان لە تەیراوە بوو نزیک گەرماوی نێرگزی ئێستا، دوو مانگ لە ماڵی ئەوان بووم، پاشان لە بەشی ناوخۆیی وەرگیراوم، چونکە ماڵم لە دەرەوەی هەولێر بوو، بەشی ناوخۆیی لە خانووی ئەحمەد چەلەبی بوو لە نێوان مزگەوتی شێخی چۆلی و خواردنگەی واشنتن، لەم بەشە جگە لە خولیای تۆپی پێ شناومان لێدەداو هەوڵماندەدا خۆمان بەهێزکەین، زۆرجاران هاوڕێیاکانم ئەوانەی لەمن گەورەتربوون فیلمەکانی سینەمایان بینیبوو دەیانگوت: تۆ بە فلان ئەکتەری سینەمایی دەچی، لەشت وەک فلانە پاڵەوانە، ئەو قسانە زیاتر هانیان دەدام بۆ وەرزشکردن و خولیای ئەوەم لەلا پەیدابوو کە چۆن بتوانم مەشقی وەرزش بکەم و خۆم بەهێزکەم، ئەوکات لە هەولێر چەند وەرزشوانێک هەبوون زۆرپێیان سەرسام بووم لەوانە فەتحوڵڵا قەساب، هاشم تۆفیق خەلیفە، لەشولاریان بەجلوبەرگ زۆر جوان بوو، ئیبراهیم کۆیی، کامیل حەداد ئەوانە پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی بوون.

## موزیک و جیهانگەرایی

### ٢- ٤

نووسینی: سایمۆن ماندی
و: نایف شێخانی

ئەگەری ئەوە هەیە چەند جۆرو شێوازێکی کۆمەڵایەتی ببینین کە لەجیهانگەرایی سەرچاوە دەگرن و ببنە نموونەی دروستبوونی گۆڕانکارییەکی قوڵی کۆمەڵایەتی لە ئاکارو رەوشتی مرۆڤدا لە ماوەی پێنج هەزار ساڵدا. هەر چۆنێک بێت هەمیشە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە فریاکەوتن و گەیشتن بەتوانا تەکنەلۆژییەکاندا دوا دەکەون، خەڵک پێشوازی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ناکەن تا ئەو کاتەی بۆیان گونجاو نەبێت و بەشێوەیەکی گونجاو و ئاسان پێشکەشیان نەکرێت. ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی ژمارەیەک بیرۆکەی داهێنەرانەی باش بەوە کۆتاییان پێبێت و ببنە پارچەیەکی نامۆی شوێنەوارەکان لەجیاتی ئەوەی ببنە دەستپێکێک بۆ رێگایەکی تازەی پێشکەوتن.

لەوانەیە ئێستاکە تەکنەلۆژیای جیهانگەرایی بۆ لەناوبردنی پێشانگای بازرگانی و هۆڵەکانی نمایشی سینەماو کارگێڕی سەرمایەی نەتەوەیی و تەنانەت حکومەتە نەتەوەییەکانیش بەکاربێت، بەڵام تا ئێستا ویست و خواستێکی میللی بۆ ئەو جۆرە گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە بوونی نییە، بەڵام خەڵک بەشێوەیەکی گشتی- لە ئەگەرەکانی لە دەستدانی جڵەوی ناوەخۆدا دەترسێن کە جیهانگەرایی لەخۆی دەگرێت، جیهانگەرایی زۆر بەتوندی شەڕی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەرژەوەندی راستەوخۆیان لەگەڵیدا نییە. جیهانگەرایی تایبەتمەندییەکی گەورەی هەیەو بەهەند وەردەگرێت، جیهانگەرای هێزی راستەخۆ بەتاک دەبەخشێت و لە کردە بازرگانییەکاندا نێوەندەکارەکان وەلا دەنێت و لەناو دەبات (لەوەیە لەمەودوا لەبواری سیاسیش ئەو رۆڵە ببینێت) بەو مانایە کەواتە دیموکراتییەکەی جیهانگەرایی دیموکراتییەتێکی قووڵە.

جاران گشت وێنەکانی بڵاوکردنەوەو دابەشکردن پشتیان بەناردنی ئەو نامەو پەیامانە دەبەست کەلەلایان کۆمەڵە خەڵکێکی بچووکەوە ئاراستەی زۆرینەی خەڵک دەکرا (وەک خودان رۆژنامەکان و نێوەندەکانی بڵاوکردنەوەو دەروازەکانی فرۆشتن و پارتە سیاسییەکان).

ئەو تۆڕانەی ئینتەرنێت کە بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە رێگا بە زۆرینەی خەڵک دەدات پەیوەندی بەیەکەوە بکەن بەبێ ئەوەی لەلایەن لایەنی سێیەمەوە لێپرسینەوە و بەدواداچوون لە کەسایەتییان بکرێت.

**سەرچاوە: الموسيقى والعولمه. ترجمه- سمحه الخولى- المجلس الاعلى للثقافه ٢٠٠٣ .**



أسماء الألوان / ١٤٩ هونةري / الصفحة: ٥٣ / ٤/١/٠٩ / 10:47 PM